گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی جیهانگیری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیداتوێژینەوەیەکی شیکارییە

**پ.ی.د.میران محمد سالح**
بەشی زانستە کۆمەڵاتییەکان، فاکلتی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق
Meeran.salih@kue.soran.edu.iq

**د. امیر خداکرم محمد علي**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق
ameer.mohamad@univsul.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٢٥
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
The Role, Globalization, Social Development, Kurdish Society, The City of Sulaymaniyah.

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.8.2.20

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی ئەو ئاکامە باش و خراپانەی، کە دیاردەی جیهانگیری بەجێی دەهێڵێت لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی. هەروەها زانینی ڕۆڵی جیهانگیری لە گۆڕینی داب و نەریت و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و دەرخستنی ڕۆڵی جیهانگیری لە باشکردنی ژیانی تاك و کۆمەڵگا بەشێوازی زانستی و معریفی. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکارییە و میتۆدی وەسفی و شیکاری ناوەڕۆکی تێدا بەکارهاتووە. ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، لەوانە: جیهانگیری بەردەوامە و واقعێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە و بەردەوامیشە و سەرجەم کۆمەڵگاکانی گرتۆتەوە. پسپۆڕان ڕای جیاوازیان هەیە لە دیارکردنی قۆناغ و مێژووی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە. ئەم دیاردەیە کۆمەڵێك سیما و خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هێناوە و کاریگەری لەسەر گشت بوارەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و بە نەرێنی لە دەستدانی زۆرێك لە بەها کومەڵایەتییە ڕەسەکانی کۆمەڵگای کوردی وەك خوشەویسی خاك و نیشتمان و ئاین و نەمانی ڕاستگۆی و مافی دراوسێ و بەرپرسیارییەتی

بەرانبەری و زاڵبوونی بەرژەوەندی کەسێتی بەسەر بەرژەوەندی گشتی، بە ئەرێنی هەوڵی گرێدانی دونیای مۆدێرن و بەهاکانی سەردەمی و فراوانتربوونی عەقڵیەتی تاکی کورد بەرانبەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە تاك و کۆمەڵگا.

## پێشەکی:-

جیهانگیری بەشێوەی جیاواز لە هەردوو بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری دەرخستنی زیاتری هەبووە، ئێمەش مەبەستمان گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە لەم تویژینەوەیەدا، کە جیهانگیری وەك پرۆسەیەك گوزارشت لە بواری کۆمەڵایەتی دەکات لەسەر ئاستی تاك و خێزان و کۆمەڵگا. بۆیە رۆڵی جیهانگیری بەرجەستەیە لە سەرجەم بوارەکاندا، کۆمەڵگا لە ترادیشناڵەوە دەباتە ناو جیهانێتی و هەمووان بەرە و ئاراستەی جیهانیبوون دەجوڵین، بۆیە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی زۆر لە پێش بە جیهانی کردنەوە بووە، ئەمەش دەکەوێتەسەر تەرزی بیرکردنەوەی هەڵسێنگەرانی لەبارەی بەجیهانی کردنەوە، لێرەدا ئەوە دوو پات دەبێتەوە، کە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بزوێنەری پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ژێر چەتری تەکنەلۆژیا و جیهانگیریدا، ئەمەش دیاردەی کۆن و نوێ بەیەکەوە دەبەستێتەوە دیاردەیەکی نوێ تر دەهێنێتە ئاراوە، بە فراوانکردنی ئەو تۆرانەی کە دەرئەنجامی تەکنەلۆجیای نوێ و رێکخستنی کۆمەڵایەتی بوون و زۆرینەی خەڵکی بەستەوە بەجیهانگیرییەوە.

هەر بۆیە ئێمە بە راڤەکردن و تویژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجیانە میتۆدی وەسفی و شیکاری ناوەڕۆکمان بەکارهێناوە بەپێی تایبەتمەندی تویژینەوەکەمان، کە لە واقیعی دیاردەی جیهانگیری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا خۆیان دەبیننەوە و بایەخ بەرووداوەکان و گۆڕانکارییەکان دەدەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:-

### ١- کێشەی توێژینەوە:

جیهانگیری وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پەرەی سەندووە و سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی گرتووەتەوە و هەموو دونیا بەپێی ئاستی تێگەیشتن و گونجاندنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری خۆیان سوودمەندبوون لەم دیاردەیە، بۆیە دەمانەوێ بزانین ئەم ڕۆڵەی جیهانگیری لە چ لایەنێك و بواریکدا ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەبێت لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەپشت بەستن بە ژینگەیەکی تەندروست و لەبار بۆ بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی هەمووان، هەروەها دەمانەوێ بزانین جیهانگیری چ ڕۆڵێکی هەیە لە دەستنیشانکردنی لایەنی ئەرێنی بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

بەگشتی کێشەی ئەم توێژینەوەیە بە دوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییەیە, ئەویش ئایا جیهانگیری وەك پێویست ڕۆڵ دەبینێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا؟

### ٢- گرنگی توێژینەوە:

سەبارەت بەگرنگی ئەم توێژینەوەیە، کە تایبەتمەندە بە ڕۆڵی جیهانگیری وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، هەروەها باسێکی سەردەمیانەی ئەم دۆخەی ئێستا و داهاتووە، کە تێکەڵ بە ژیانی تاك و کۆمەڵگا بووە، لێرەوە وەك پرۆسەیەکی گشتگر ئەو گرنگیەی دێتە ئاراوە ، کە سەرجەم پێکهاتە و چین و توێژەکان دەگرێتەوە و دەچێتە نێو گەشەکردن و پەرەسەندنەوە بۆ سەرجەم جومگەکانی ژیانی هاوڵاتیان، لەلایەکی تر گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هەوڵی دیارکردنی بنەماکانی نەهێشتی جیاوازییەکان لە ڕووی تێگەیشتن و زانستی و ئەتکنۆلۆژیا و بواری ئابووری و هەڵی کار دەدات، ئەویش لە پێناو بوونیادنانێکی کۆمەڵایەتی شیاوو.

### ٣- ئامانجەکانی توێژینەوە:

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێك، کە لە خوارەوە خراونەتەڕوو:**

- دیارکردنی ئەو ئاکامە باش و خراپانەی کە جیهانگیری بەجێیان دەهێڵێت لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا.
- زانینی ڕۆڵی جیهانگیری لە گۆڕینی داب و نەریت و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- دیارکردنی ڕۆڵی جیهانگیری بە شێوازێکی زانستی و مەعریفی بۆ کۆمەڵگا.
- دەرخستنی ڕۆڵی جیهانگیری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بۆ باشکردنی ژیانی تاك و کۆمەڵگا.

**٤- میتۆدی تویژینەوە:**

بەپێی تایبەتمەندی توێژینەوەکەمان، میتۆدی وەسفی لەگەڵ شیکاری ناوەڕۆك بەکارهێنراوە. کە لە واقیعی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا خۆیان دەگرنەوە و بەشێوەی چۆنیەتی و چەندایەتی گوزارشتی لێ دەکەین، کە بایەخ بەڕووداوەکان و گوڕانگارییەکان دەدات، هەروەك (زێباری) لە کتێبی ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسێتیدا ئاماژەی پێکردووە، کە توێژینەوەی وەسفی ئامانجی سۆراخکردنی واقیعی دیاردەکەیە، کە چۆن لە واقیعدا هەیە و گرنگی بە وەسفکردنی چالاکی و کار و کەسەکان دەدات و دەشێ بایەخ بە پەیوەندییە باوەکانی نێوان دیارەکانیش بدات، هەروەها پێشبینکردنی ڕووداوەکان لە داهاتوودا دەکات، ئەم میتۆدە ئاوێتەی ژیانی تاك و خێزان و کۆمەڵگایە ئامانجەکان دیاری دەکات و ڕەگەزەکان و پەیوەندییان دەردەخات. تەنها لە وەسفکردندا ناوەستێت، بەڵکو شیکار و لێکدانەوە و بەراورد و هەڵسەنگاندنیشمان بۆ دیار دەکات (زێباری،٢٠١٦: ٤١).

هەروەها میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکمان بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی دیاردەی جیهانگیری و گەشەپێدان لە دوو بەشی جیاواز دا، چونکە ئەم میتۆدە جەخت لەسەر پرسی و ڕەوشەکان ئەکاتەوە. ئەم میتۆدە هەروەك (بیرنارد بتریلسیۆن) پێناسەی دەکات شێوازێکی توێژینەوەیە بەمەبەستی وەسفکردنی (ڕێکخراو چەندێتی و بابەتی)ی ناوەڕۆکی ئاشکرای پرۆسەی گەیاندن. واتا ڕێگایەکی بابەتی و چەندێتیە کە ئامانجی پێوانەکردنی هەندێك گۆڕاو و شیکاری پەیامی پەیوەندی و زارەکی نووسراوە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو. هەروەها ئەم میتۆدە یەکێکە لە شێوازە باوەکانی توێژینەوە مرۆییەکان کە بەهۆیەوە بابەتی شیکارکراو بە شێوەیەکی چەندێتی و چۆنیەتی و سیستماتیك وەسف دەکرێت. بۆیە تەنها شیکردنەوە نییە بەڵکو پرۆسەی تێبینی و پێوانەکردنیشە.(بۆکانی،٢٠٢٠: ٨٣).

ئەم توێژینەوەیە، کە ڕۆڵی جیهانگیرییە لە پێشکەوتن و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە پێویستی دەزانین تیۆری بونیادی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنین، کە بە گرنگترین و کۆنترین تیۆری کۆمەڵایەتی دەناسرێت،

ئەوەی لای ئێمە مەبەستە توێژینەوەی كۆمەڵگایە، چونكە كۆمەڵگا لە كۆمەڵێك دامەزراوە پێكدێت یاخود سیستەمێكی كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵێ لق پێكدێت.

ئەو سیستەمەش بۆ چەندین ڕۆڵی بونیادی شیدەبێتەوە ڕۆڵێكیش بۆ ئەرك و مافە كۆمەڵایەتییەكان شۆڕ دەبێتەوە.

تیۆری بونیاد پشت بە دەركەوتنی چەندین بیرمەندی كۆمەڵایەتی ناسراو دەبەستێت (كۆنت، شتراوست، مارسیل موس) كە جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە، كە تەواوی پێشەنگەكانی تیۆری بونیاد جەخت دەخەنە سەر سیستەمە كۆمەڵایەتییەكان وەك بونیادی (ئایینی ، خێزانی ، سیاسی ، سەربازی و بونیادی پەروەردەیی) ئەم بونیادانە جیاوازن لە شێوە و ناوەڕۆكدا، بەڵام تەواوكار و یەكانگیرن لەگەڵ یەكتر چونكە هەموو بونیادێكی كۆمەڵایەتی پشت بە بونیادێكی تر دەبەستێت، ئەمەش دەبێتە تەواوكاری كۆمەڵایەتی.

بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پەنامان بردۆتە بەر بەكارهێنانی ئەم تیۆرە، چونكە جیهانگیری و گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی، كە گۆڕان دەهێننە ئاراوە لەسەر ئاستی تاك و خێزان، ئەوا ئەو گۆڕانگارییە كاریگەری لەسەر سەرجەم سیستەمەكانی دیكەش دەبێت و لە قۆناغێك بۆ قۆناغێكی تر دەگۆڕێت، ئەمەش سیستەمێكی بەهایی دەهێنێتە ئاراوە، كە ئەرك و مافی ڕۆڵەكانی دیاری دەكات، هەروەها پەیوەندی نێوان ڕۆڵە بونیادگەرییەكان دەستنیشان دەكات، كارلێكی نێوان ڕۆڵی كۆمەڵایەتی كەسایەتی و لەگەڵ ڕۆڵی كۆمەڵایەتی و بونیادی كۆمەڵایەتی لەلایەكی ترەوە دیاری دەكات، چونكە ڕۆڵ ئەلقەی بەیەكگەیشتنی نێوان كەسایەتی و بونیادە. یاخود تاك و كۆمەڵگا.

هەر بۆیەش تیۆری بونیاد چەندین دیاردە دەستنیشان دەكات، لەوانە جیهانگیری و گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی، كە كۆمەڵگا و تاك و خێزان دەگرێتەوە، تێكەڵی پەرەسەندن و گەشەسەندنیان دەبێت و گۆڕانكاری دێنێتە ئاراوە (ئەلحەسەن،٢٠١٠: ٤٦-٤٧).

## دووەم: ناساندن و ڕوونكردنەوەی چەمكەكان:

### ١- ڕۆڵ:

بریتییە لە هەڵسوكەوتێكی چاوەڕوانكراو و دیاریكراوی كەسێك لەناو پێگەی كۆمەڵایەتیدا، كە بەهۆیەوە سروشتی ڕۆڵە كۆمەڵاتییەكانیش دیاری دەكرێن، كە بۆ هەر تاكێك لە كۆمەڵگاییێكی

دیاریکراو دانراوون.(الحسن،١٩٨٢: ٤١). بەڵام ڕۆڵ لای (سەلیم) بریتییە لە سوود وەرگرتنی کەسێك لەو مافانەی کە لە بەرانبەر ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیەتی، واتە سوود وەرگرتن لە مافەکان و بەجێگەیاندنی ئەرکەکان (سليم،١٩٨١: ٨٩٢).

دەتوانین بڵێین ڕۆڵ دەگەڕێتەوە بۆ کەلتوری کۆمەڵگا، چونکە هەموو جۆرە ڕۆڵەکان لەلایەن کەلتوری کۆمەڵگاوە دەستنیشان دەکرێن بەوەی ئەو هەڵسوکەوتە چاوەڕوانکراوە پەیوەست دەبێت بە پێگەی کۆمەڵایەتییەوە.

بۆیە لێرەدا دەمانەوێ ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە ڕۆڵ: بریتییە لە ڕەفتاری چاوەڕوانکراوی تاك لەناو کۆمەڵە و گروپەکەی خۆیدا و لایەنی بزواوی ناوەندی کۆمەڵایەتی تاکە، بۆیە ئەگەر ناوەند ئاماژە بێت بۆ پێگەی تاکەکەس، ئەوە (ڕۆڵ) ئاماژەدانە بەو ڕەفتارەی، کە ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییە لە تاکە کەسەکەی دەخوازێت، لەژێر ڕۆشنایی پێشبینی تاك خۆی و کەسانی دیکەش ڕەفتارەکان دیاری دەکرێن (الجواهري،١٩٨٨: ١٥٧). لێرەدا ڕۆڵ شوێن کەوتەیی شێوازی ئاسایی ئەو ڕەفتارە فێربووانەیە، کە تاکە کەسێك پێی هەڵدەستێت لە بارودۆخێکی کارلێك ئامێزدا هاوپەیوەستن بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە.

**٢- جیهانگیری:**

ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار بە زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا بەکارهێنراوە بە ناوی (Gbbali zation) دواتر بۆ فەرەنسی(Mondla zantig)و لە زمانی عەرەبیدا بەسێ زاراوە هاتووە (الكوكبه، الكونيه، العولمه) لە کۆتایی دا ئەوەی سێیەم جێگیربووە (العولمه).

جیهانگەرایی (Globalization) لە ڕوویەکەوە ئاماژەیە بۆ گوشاری جیهان و بچووککردنەوەی، لە ڕوویەکی ترەوە چڕکردنەوەی هۆشیارییە بە جیهانگیری وەك گشتێك. لە ڕاستیدا وشەی جیهانگەرایی لەم دواییانەدا پێشکەوتنی بەخۆوە بینی و پێشتر لە ناوەندەکانی ئەکادیمی وەك چەمکێکی گرنگ نەناسرابوو، ئەمە سەرەڕای بڵاوی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ناوبەناو لە سەرەتا و ناوەڕاستی دەیەی هەشتەمی سەدەی ڕابردوو. بەڵام لە دواتر بەشێوەیەکی زۆر فراوان بەکارهێنرا.(زێباری،٢٠١٧: ٢٠١).

لە کۆمەڵناسیدا جیهانگیری بووە بە چەمکێك وەك کەرەسەی شیکارکردنەوە و لێکدانەوە بۆ پێناسەکردنی ڕەوشە گۆڕاوە جۆراوجۆرەکان سەیر دەکرێت و سەری هەڵداوە، ڕێرەوێکی بەردەوامی

وەرگرتووە لە سەرجەم بوارەکاندا، بۆیە دەتوانین بڵێین سیستەمێکی تازەی کاپیتاڵیە بۆ بازرگانی و بازاری ئازاد، دەوڵەت و دامەزراوەکان هەڵدەوەشێنێتەوە بەشێوەیەکی نوێ دایان دەمەزرێنێت، کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکاندا بگونجێت (خدر،٢٠٠٨: ٤٧). (تۆملستۆن) جیهانگیری وا پێناسە دەکات، کە دیاردەیەکی چالاکە و ئاماژە بە چالاکییە گەشە کردووەکان دەکات، کە تایبەتن بە پەیوەندییە تێهەڵچووە ئاڵۆزەکانی نێوان کۆمەڵگا و کەلتور و دامەزراوە و تاکەکان لە چوارچێوەی جیهانی.(اسماعیل،٢٠٠١: ٧).

لێرەدا دەتوانین بڵێین جیهانگیری بە شێوەیەکی جیاواز لە هەردوو بواری ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی زانستیدا بۆ باسکردنی پرۆسە، بارودۆخ، سیستەم، هێز و سەردەم بەکارهێنراوە، بە گوێرەی ئەو ناوە جیاوازانە جیهانگیری مانای جیاوازیشی هەیە. بۆیە جیهانگیری بۆتە یاخود بووەتە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، کە جیهانی کردووەتە یەك بە جۆرێك کۆڕانگارییەکان لە وڵات ڕوودات کاریگەری بەسەر ئەوانی دیکەشدا دەبێت، کە ئەمیش لە ڕێگەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە دەبێت. لێرەدا گرنگە، کە هەر کۆمەڵگایەك بەپێی بەهای کۆمەڵایەتی نۆرمەکانی خۆی سوودمەند بێت و ببێتە هۆکاری پێشکەوتن و گەشەپێدانی ئەو کۆمەڵگایە.

## ٣- گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:

پرۆسەیەکە ئامانجی بەرجەستەکردن و هێنانەکایەی زێدەباییەکی خێرا و کەڵەکەبوو لە ماوەو کاتێکی دیاری کراودا ، ئامانجی گۆڕانی جۆرییە سەرەڕای گۆڕانە ڕێژەییەکان ئەمەش لە ڕێگەی هەوڵی ڕێکخراو و ڕێك و پێکەوە دەبێت.

**گەشەپێدان**: جۆرێکە لە کاری کۆمەڵایەتی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا. لەم ڕووەوە کۆمەڵێك ئامرازی خۆی هەیە و پشت بە ژینگەی خۆجێیی دەبەستێت (البطریق،١٩٦٨: ٣٥). بەڵام گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کردەیەکی شارستانی گشتگیرە بۆ چالاکییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە پێناو بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و سەربەرزی و ڕزگاربوون و پەرەسەندنی تواناکانی مرۆڤ، هاوکات باشترین و بەکارخستنی دەرامەتەکانی کۆمەڵگایە لە پێناو بەدەستهێنانی بوونیادی وزە و بەرهەمهێنان (ابراهیم،١٩٨٤: ١٦٠).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا دەتوانین هۆکارەکانی پەیدابوونی چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بخەینەڕوو وەك چەمکێکی دیاری پراکتیکی کۆمەڵایەتی، کە کۆمەڵێك هۆکار ڕۆڵیان بینیوە لەوانە:

١- ڕکێڤکردنی ئیش و کاری کۆمەڵگا بۆ گەشەپێدانی گشتگیر.

٢- کێشەکانی بێ بازاری کە لە سالانی (١٩٢٩ – ١٩٣٤) تووشی تاك لەسەران سەری جیهان هات.

٣- سەربەخۆبوونی زۆرێك لە دەوڵەتە گەشەسەندووەکان ئەمەش بووە مایەی ئارەزوو کردنیان لە بەرنامەی ڕێژەیی بۆ گەشەپێدانی، کە لەگەڵ دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی بگونجێت.

جیاوازبوونی دەوڵەتە پێشکەوتوو و گەشەسەندەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، ئەمەش پاڵنەربوو بۆ زۆرێك لە پسپۆڕانی ئابووری، کە دیراسەی هۆکارەکانی دواکەتنی و ئامرازەکانی پێشکەوتنی دەوڵەتە گەشەسەندووەکان بکەن (عبداللطیف،٢٠٠٧: ٥).

## 4) کۆمەڵگای کوردی:

مەبەست لە کۆمەڵگا ئەو کۆمەڵە کەسانەیە، کە پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن لە نەتەوە و ئایین و مەزهەبی جیاواز،کە کۆمەڵێک تۆڕی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزی پێکەوە دەیان بەستێتەوە.

مەبەست لە کۆمەڵگای کوردی لێرەدا باشووری کوردستان یان هەرێمی کوردستانی عێراقە، کە لە زاخۆوە تاوەکو کفری و کەلار بە هەموو گوند و شارەدێ و شارۆچکە و شارەکان دەگرێتەوە.

## 5) شاری سلێمانی:-

یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و دەکەوێتە باکووری عێراقەوە. لە (١٤)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٨٤ لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابان دامەزراوە.

ڕووبەرەکەی ٢٠١٤٤ کیلۆمەتری دووجایە و (٢.٢٥٠.٠٠٠) کەسی تێدا دەژێت و بە شێوازی کرمانجی ناوەڕاست قسە دەکەن و موسڵمانی سوننە مەزهەبن، لە ساڵی١٩٦٨ یەکەم زانکۆ بەناوی زانکۆی سلێمانی تێدا دامەزراوە، لە ئیستادا خاوەن حەوت زانکۆیە و لە ناویشیاندا زانکۆی ئەمەریکی سلێمانی هەیە.

هەروەها خاوەن فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی خۆیەتی و چەندین دەروازەی فەرمی و نافەرمی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هەیە و ناسراوە بە پایتەختی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان.

## سێیەم: جیهانگیری و هۆکار و قوناغەکانی:

### ١- هۆکار و قۆناغ و گرنگییەکانی جیهانگیری:

توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە بۆ یەکەمجار زاراوەی جیهانگیری لە کۆتایی دەیەی شەشەمی سەدەی ڕابردوو لە لایەن کۆمەڵناسی کەنەدی (مارشاڵ ماک لۆهان) لە زانکۆی تۆرنتۆی کەنەدی بەکارهێنراوە، ئەویش بە دارِشتنی چەمکی (گوندی گێتی) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (شەڕ و ئاشتی لە گوندی گێتیدا). لەم کتێبەدا (لۆهان) جەختی لەسەر پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندی کاریگەرییان لەسەر وەرچەرخانی جیهان بۆ گوندێکی بچووك کردۆتەوە (زێباری،٢٠١٧: ٢٠٢).

دیارە جیهانگیری مێژوویەکی کۆنی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستی ناوەندە جیاوازەکانی جیهانی زۆرترین و ڕوونترین بڵاوبوبوونەوەی هەیە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ:

- گۆرانی بازرگانی لەسەر ئاستی تاکەکان بەرەو گەلان، دەوڵەتان دروستبوونی بازاڕی جیهانی.
- پەرەسەندی گفتۆگۆ بیروڕا گۆڕینەوە لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕازیکردنەوە.
- ڕۆڵی کارا و بەهێزی ڕاگەیاندن لە جێبەجێکردنی ڕووداوەکان. ئەمەش هاوبەشی و تێکەڵبوونی مرۆڤەکانی پێکەوە بە ستووتەوە (الشیبانی،١٩٨٥: ٩).

**لێرەدا کۆمەڵێك ڕوانگە دێنە ئاراوە لەوانە:-**

**یەکەم**: ڕوانگەی قۆناغێکی مێژوویی: بە جیهانیکردن قۆناغێکە لە قۆناغەکانی کۆمەڵگا کە پێیدا تێدەپەڕێت، هەر لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە، کە گەرمەی ململانێی هەردوو جەمسەری بەهێزی ئەوکاتەی جیهان بووە، سۆشیالیستی بە ڕێبەرایەتی یەکێتی سۆفیەت و سەرمایەداری بەڕێبەرایەتیی ئەمریکا، ئەم ململانێیە (بە جەنگی سارد) ناوزەند دەکرێت. ئەمەش درێژەی کێشا تا ڕۆخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆفیەت. واتا بە جیهانیکردنی هاوشێوەی زاراوەکانی جەنگی سارد، فاشیزم، زادەی قۆناغێکی مێژووییە.

**دووەم: ڕوانگەی کۆمەڵایەتی:** بەپێی ئەم ڕوانگەیە بە جیهانیکردن قۆناغێکی نوێیە لە قۆناغەکانی نوێگەرایی لە ڕووی دەرکەوتن و پەرەسەندنەوە، بە چەشنێک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی جیهان چڕدەبنەوە و خۆجێییەکانیش بەهۆی بەستەری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سیاسی و مۆرڤایەتییەوە بە یەکەوە دەبەسترێنەوە.(یسین،٢٠٠٠: ٣٧-٣٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە بەجیهانیکردنی فەرهەنگی نەتەوەکان بەپێی پێشکەوتنی تۆڕێ پەیوەندییەکان و وشیاری مرۆڤ و چاوکرانەوەی لە ناسینی دەوروبەر و ئەو دونیایەی تێدا دەژین. دەچنە دونیای ناسین و وەرگرتنی زانیاری و پێشکەوتنەوە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە.

**ڕوانگەی سێیەم** بە ئەمریکایی کردن و زاڵکردنی بەها ئەمریکییەکانە فۆ کۆیاما دیارترین پێشەنگە لەم ڕوانگەیە بەهۆی ڕوخانی یەکێتی سۆفیەت، کە پێشەنگی وڵاتانی سۆشیالیست بووە سەرکەوتنی وڵاتانی سەرمایەداری و کۆتایی جەنگی ساردی نێوانیان و وردە وردە بەها کەلتورییەکانی ئەمریکا بەسەر بەهاکانی جیهانی زاڵ دەبێت، واتا سەرکەوتنی تەواوی بەهاکانی جیهانی سەرمایەدار بەسەر هەموو جیهاندا.(الجمیل،١٩٩٨: ٣٢).

**ڕوانگەی چوارەم:** شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەرپابووە و ئەم ڕوانگەیە شێوەیەکی تازەی لە خۆ گرتووە لە شێوەکانی چالاکی، کە بەهۆیەوە بە چەشنێکی یەکلاکەرەوە دەبێت، گواستنەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازییە بۆ کۆمەڵگای پۆست پێشەسازی لەم گواستنەوەدا دەستەبژێرێکی تەکنەلۆژی پیشەسازی ڕێبەرایەتی دەکات.
هەر بۆیە مشتومڕێکی زۆر هەیە لەمەر مێژووی سەرهەڵدانی جیهانگیری و بووەتە زادەی بیری مرۆڤایەتی لە هەرچی سەدەیەکدا بەپێی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە بەدیار دەکەوێت.
بۆیە زۆربەی نووسەران و بیرمەندان پێیان وایە هەر لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا جیهانگیریش بوونی هەبووە، هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ سەدەی(١٩)، بەڵام نووسەرانی ( فسخ العولمه)سەرەتای ڕاستەقینە نەخشەسازی جیهانگیری دەگێڕنەوە بۆ ساڵی (١٩٩٥) (حەمید،٢٠٠٦: ٣٥). بەڵام (یاسین) پێیوایە سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٩) کاتێك یەکێتی سۆفیەت و وڵاتانی ڕۆژهەڵات هەڵوەشانەوە. بەهۆی هەموو کێشە و ململانێکانی سەدەی بیستەمی و ڕژێمی جیهانی کرد بە دوو جەمسەر (یاسین،٢٠٠٧: ٥٧١).

**٢- قۆناغەکانی بە جیهانیکردن:**

سەرەڕای زاڵبوونی بە جیهانیکردن بەسەر سەرجەم کایەکانی ژیان لە کۆمەڵگاکانی جیهاندا، وەلێ تا هەنوکەش پسپۆران و شارەزایان لەسەر دیاریکردنی قۆناغەکانی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێکنەکەوتوون. هەڵبەتە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فرە ڕەهەندی خودی بە جیهانیکردن و جودابوونی ئەوان لە ڕووی ئایدۆلۆژیا و پسپۆڕی و جێ بایەخیەکانیانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە توێژەران بەلای نوونەکەی (رولاند و رووبروتسون) دا دەچن لە دیاری کردنی قۆناغەکانی بەجیهانی کردن (المليجى،٢٠٠٥: ٣٢-٣٣):

**قۆناغی کۆرپەلەیی:**

لە ئەوروپا دەستی پێ کرد، لە سەرەتاکانی سەدەی پازدەیەمەوە تاکو نیوەی سەدەی هەژدەیەم درێژەی کێشا. لەم قۆناغەدا کۆمەڵگای نەتەوەیی و بیری تایبەت بە تاك و مرۆیی گەشەیان کرد.

**قۆناغی دەست پێکردن:**

لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمەوە دەستی پێکرد تاکو ساڵی(١٧٨٠) درێژەی کێشا. لەم سەردەمەدا بیرۆکەی دەوڵەتی یەکگرتوو، چەمکی پەیوەندی نێودەوڵەتی و تاك ، سەریان هەڵدا.

**قۆناغی دەرکەوتن:**

ئەم قۆناغە لە ساڵی (١٧٨٠) دەست پێدەکات تاکو ساڵانی بیستی سەدەی بیستەم درێژەی کێشا، هەر لەم سەردەمەدا چەمکی گەردوونی و کۆمەڵگای نەتەوەیی و هزری مرۆڤایەتی لە ڕووی جێبەجێ کردنەوە سەریان هەڵدا.

**قۆناغی ململانێ لە پێناو دەستبەسەردا گرتن:**

ئەم قۆناغە لە ساڵانی بیستەوە دەست پێدەکات تاکو نیوەی شەستەکان درێژەی کێشا. لەم قۆناغەدا ململانێی گەردوونی لەبارەی شێوازە جیاوازەکانی ژیان و هۆلۆکۆست و جەنگی دووەمی جیهان بەدەرکەوتن.

بۆیە لەم چوار قوناغەدا کە هەریەك لە کۆرپەلەیی و گەشەسەندن و بڵاوبوونەوە و نا دڵنیایی یا بێباوەڕی، کە دەگاتە شەستەکان و لە نەوەتەکان قەیران دەنێتەوە، ئەمانە هەمووی پەیوەستبوونی جیهانی سێیەمە بەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە، لەم قۆناغەی دواییدا لە بواری گەردووناسیدا مرۆڤ دەتوانێ بچێتەسەر مانگ واتا گەشەسەندن و پێشکەوتن هاتە ئاراوە و ناوەستێت، چەکی ئەتۆمی هاتە بەرهەم لە تەواوی جیهاندا بڵاوبووەوە.(الهاشمى،٢٠٠٣: ١٧٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە چەندین بۆچوونی جیاواز هاتەکایەوە سەبارەت بە سەرهەڵدانی بەجیهانبوون، بۆیە ناکرێ خەیاڵی جیهانگیری تێکەڵ بە واقیعی بەجیهانیبوون بکرێت، خەیاڵ کۆنە و واقیعی نوێگەری و سیاسەت و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە بگرە کەلتووریش دەگرێتەوە بەڵام کۆسپەکان زۆربوونە و لەسەردەمی کۆندا هەبووە وەك نەبوونی هێزی کۆمەڵایەتی و نەبوونی توانا و تەکنیکی تەکنەلۆجی کە بۆ ئەوەی بەشە جیاوازییەکانی جیهانی بەیەکەوە گرێ بداتەوە و سنوری دووری بسرێتەوە.

لێرەدا جیهانیگیری تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەی تاك و خێزان و کۆمەڵگا دەبێت و گەشەپێدان لە سەرجەم بوارەکاندا دەست پێدەکات.

بەڵام تیۆرڤانە کۆمەڵایەتییەکان و زانایانی کۆمەڵناسی سەدەی نۆزدە وەك (ئۆگست کۆنت) (١٧٩٨-١٨٧٥) و (سان سیمۆن)(١٧٦٠-١٨٢٥) و (کارل مارکس)(١٨١٨-١٨٨٣) جیهانگەراییان کردبووە تەوەرەی کاری شیکردنەوە و سیاسییان. لەو کۆتاییانەی کە بە سەردەمی کۆمەڵناسی کلاسیکی ناسراوە کاری کۆمەڵناسی زۆر ئاڵۆز بوو. هۆکارەکەشی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بە لق بوونی دەزگای دەوڵەتی نەتەوەیی و فراوانی و بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی. بۆیە کۆمەڵناسە کلاسیکییەکان ڕووبەڕووی گرفتێکی دووانەیی بوونەتەوە، کە تایبەتە بە هاوکات بە یەکەوە بوونی هەستی نەتەوایەتی (النزوع القومی) و جیهانگەرایی (العولمە). بۆیە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵناسی نوێ بەرهەمی لە دایکبوونی ئەم ئاڵۆزییە و یان قوربانی دەستی ئەم ئاڵۆزییە. لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە لە مێژوویی کۆمەڵناسی و قۆناغەکانی، هەندێك باری کرانەوە بە ڕووی تیۆریزەکردنی بۆ جیهانگەرایی و باری داخران بە ڕووی تیۆریزەکردنی جیهانگەرایی دەبینرێت، کە لە ڕاستیدا بە کۆسپێك دادەنرێت لە ڕێگەی ئەو تیۆریزەکردنە (زێباری،٢٠١٧: ٢٠٤).

(ئەلبرۆا ١٩٩٠) باس لەوە دەکات، کە دەکرێ دەستنیشانی پێنج قۆناغ بکەین لە مێژووی کۆمەڵناسی بە جۆرێك، کە قۆناغی کۆتایی دەکەوێتە ناو ئەو گرنگەی ئێستا کە بە جیهانگەرایی دەناسرێت، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە (توملینسون،٢٠٠٨: ٦٨ و (زێباری،٢٠١٧: ٢٠٠٥-٢٠١٠).

١ـ قۆناغی هەستی جیهانی.
٢ـ زانستە کۆمەڵایەتییە نەتەوەییەکان.
٣ـ هەستی نێودەوڵەتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤- جێگیربوون یان بەنیشتیمانیکردن.

٥- جیهانگەرایی.

## چوارەم: گرنگی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا:

جیاوازییەك بەدی دەکرێت لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا، گەشەپێدانی کۆمەڵگا پێکدێت لەلایەنی گشتوکاڵی و بازرگانی پیشەسازی، لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی داهات بەپشت بەستن بە خۆێندەواری و شارەزاییەوە، ئەمانە دوای جەنگی جیهانی دووەم سەریان هەڵداوە، بۆیە گەشەپێدانی کۆمەڵگا پرۆسەیەکی ڕێکخراوە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لەلایەك و دامەزراوە و ڕێکخراوە حکومی و فەرمییەکان لەلایەکی دیکەوە، بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگا و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، ئاستی ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیری، تەندروستی و پەروەردەیی.

دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٥٦) پێناسەیەکی بۆ چەمکی گەشەپێدان خستوەتەڕوو کە پێیوایە (کەشەپێدانی کۆمەڵگا ئەو پرۆسەیەیە کە پەیوەندی نێوان هەوڵە ناوخۆیی و هەوڵە حکومیەکاندا دروست دەکات بۆ چاککردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگا خۆجێیەکان گەیاندنیان بە ریزی ژیانی گەل و نیشتمانە پێشکەوتووەکانی دیکە، لێرەدا بۆمان دەرکەوێت کە گەشەپێدانی کۆمەڵگا هاوبەشی دەکا لە دیاریکردنی ڕەگەزەکان و ئامانجە پێویستییەکانی کە بریتین لە چاککردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگای خۆجێیی و بەرجەستەکردنی تەواوکاری لە نێوان گەشەپێدانی کۆمەڵگای خۆجێیی و نیشتمانیدا، هەروەها گرنگیدان بە گەشەپێدان و پەرەدان بە وزە مرۆییەکان لە ڕێگای ڕاهێنان و پشککاری و هاویکردنی باش و چالاکانە (حسن،١٩٧٧: ٩٠).

لە کاتێکدا چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی  جەخت دەکاتە سەر ژیانی مرۆڤ و خودی مرۆڤ، کە بزوتنەوەیەکی چاك گەرەوەیە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر بۆ گشت کۆمەڵگا، لە ڕێگای بەشداری کردنەوە، لەم سۆنگەوە زانایان و بیرمەندانی کۆمەڵناسی ڕای جیاواز و ناکۆکیان لەسەر ئەم چەمکە هەیە هەندێکیان بێیان وایە:

- پرۆسەی گەشەپێدانی وزەی تاکەکانە تا ئەوپەڕی توانا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- پرۆسەی هاوڕایی و هاوکۆکی و ڕێککەوتنی تاکەکانی کۆمەڵگایە.
- زاراوەیەکە هاوواتای زاراوەی چاودێری کۆمەڵایەتی یا خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییە.
- پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لە هەوڵدایە بۆ بونیادنانی کۆمەڵایەتی تازە، لەوانەیە لە ڕێگەی پڕکردنەوەی پێویستی تاکەکانی کۆمەڵگاوە ببێتە ئەنجام.

## پێنجەم: ڕەگەزەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی :

**سێ ڕەگەز لە خۆدەگرێت (الشيباني،١٩٨٥: ٨٤):-**

١- گۆڕانی بونیادی: کە پێویستی بە سەرهەڵدانی ڕۆڵ و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی تازە هەیە.
٢- پاڵنەرێکی بەهێز: بۆ دەرکردنی کۆمەڵگا لە حاڵەتی وەستان بۆ کرانەوەیی کە پێویستی بە کۆمەڵێك هێزی کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسی هەیە.
٣- ستراتیژیەتی گونجاو: پێویستی بەپلان و ستراتیژییەتی هەیە، کە سیاسەتی گەشەکردنەکە داڕێژراو بێت و گەشە بکات.

## شەشەم: ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:

١- دروستکردنی ئارەزووی بۆ گۆڕان ، دۆزینەوەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تازە بۆ ئەو تاکانەی، کە لە کۆمەڵگای نەریتیدا دەژین.
٢- گشتاندن و هەڵی فێربوون و خوێندن، چاککردنی جۆرەکانی پاڵپشتیکردنی تاکەکان بۆ باشکردنی بارودۆخ و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان و نەهێشتنی جیاوازییەکان.
٣- چارەسەرکردنی گرفتەکانی بواری ئابووری، لە لادێ بۆ شار.
٤- پاڵپشتکردنی بەها پاڵنەرەکان وەك لە خۆبۆردویی، ئارامگرتن، هاوکاری، ئەنجامدانی ئەرکەکان، لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی دورکەوتنەوە لە خۆپەرستی، گەشەپێدانی هەستی سەربەخۆیی لای تاکەکان، تواندنەوەی هەستکردن بە شوێن کەوتویی.
٥- پاڵپشتیکردنی ژیانی خێزانی بۆ زیاتر پێکەوە پەیوەست بوون بۆ جێگیری و هاوکاری لە نێوان یەکتریدا (فهمی،١٩٨٦: ٢٦).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## حەوتەم: فەلسەفەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:

هەر هزر و بەرنامە و پلانێك لەسەر ئاستی مرۆڤ بگرین، بەو پێیەی نیازی گەیاندنی کۆمەڵگایە بە ئاقارێکی دیاریکراو، ئەوا بێگۆمان فەلسەفەیەکی دیاریکراوی وەکو سەرچاوەیەك لە پشتی کارەکانەوەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان هەیە. هەر لەم ڕووە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیش خودان فەلسەفەیەکی دیاریکراوی خۆیەتی، دەکرێ پوخت بکرێتەوە لە (ابوزید،٢٠٠٩: ٨٦-٨٧):

- خودی مرۆڤ ئامانجی کۆمەڵایەتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە.
- پشت بەخۆبەستن وەکو ئامرازێکی گوزارشتکردن لە بڕوابوونی تاك بەخۆی و کۆمەڵگاکەی.
- بڕوابوون بە کارایی پلانی ئاراستە بەرەو کردەکانی مامەڵەی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاك و گروپ.
- بەشداریکردن ڕەفتاری ڕاستەقینەی دیموکراتییە.
- ڕێزگرتنی کەرامەتی تاك و بڕوابوون بە توانستی تاك و گروپ لە بەدیهێنانی ئاستێکی بژێوی باش.
- تەوەری سەرەکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کەسێتی تاك و کۆمەڵگایە لە سەرجەم بوارەکاندا.

ئەگەر سەیری بنەما فەلسەفیەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بکەین، ئەوە بەدی دەکەین کەوا زۆرێکیان لەگەڵ بانگەشەکانی بە جیهانیکردن یەك دەگرنەوە، لەم سۆنگەیەوە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەم سەردەمە بەهۆی کاریگەریە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی بە جیهانیکردنەوەی لە قاوغە تەقلیدییەکەی نەماوە و بازنەی بایەخدانی بە تاك وەك کایەیەکی گرنگی بواری کۆمەڵایەتی فراوانکردووە، یان بەشێوەیەکی تر، لە پێشودا پێش بەدەرکەوتنی بە جیهانیکردن، بایەخدانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە تاك وەك پێکهێنەرێکی سەرەکی لە خزمەتی کایە کۆمەڵایەتییەکەدا بوو، وەلێ ئێستا لە سەردەمی بە جیهانیکردندا بایەخدانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە تاك لە چوارچێوەی تەواوکاری نێوان تاك و کایەی کۆمەڵایەتییە. جا ئەگەر ئەمە لەسەر ئەرزی واقیعیش بە تەواوەتی بەدی نەکرێ، بەڵام لەسەر ئاستی بانگەشە و ڕاگەیاندنەکان بەزەقی هەستی پێدەکرێت.

## هەشتەم: کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:

هەموو پرۆژەیەك کە کەوتە سەر کاغەز و پاشان بیەوێ بچێتەسەر زەوی ئەوا بێگومان بەرەو ڕووی گەلێ ئاستەنگ دەبێتە بە هەمان شێوە ئەگەر سەیری ئاستەنگەکانی بەردەوام گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بکەین، ئەوە بەدیدەکرێت کەوا بە جیهانیکردن چۆن هەموو لایەکی جیهانی نەنیوەتەوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وا لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەکات بەهاوشێوەی تاکەکان بە هیچدا نەگەن و هەمیشە ڕادەکەن و لەو سەرەوە گەر هیچیان لە کیس نەچووبێت خوبزێك ئاسودەیی دەروونیان لە دەست چووە. بە هەمان چەشن گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە سایەی شوێنهاتەکانی بە جیهانیکردنی هەرچی دەکات هەرپێیان ڕاناگات، چونکە گۆڕانەکان سەرجەم کایەکانی ژیانی گرتۆتەوە. دەکرێ لێرەدا ئەو کۆسپانەی دێتە بەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەسەرەتادا دابەشکارییەکی جوگرافییانەی بۆ بکرێت پاشان شوێنهاتە جیاوازەکانی بەدەر بخەین:

**یەکەم: لەسەر ئاستی شار:**

زۆرجار لە دەوڵەتە گەشەسەندوەکاندا ئەوە بەدیدەکرێت، بەرنامەکانی گەشەپێدان بە یەکسانی نیە؛ واتا هەموو ناوچەکان وەکو یەك بەشێوەیەکی دادپەروەرانە سوومەند نابن، ئەمەش دەبێتە لێکەوتنەوەی چەند کێشەیەك:

- کۆچی خەڵك لە لادێ بۆ ناو شارەکان.
- دواکەوتنی وردە وردەی ئەو ناوچانەی، کە خۆیان لە بنەڕەتدا دواکەوتوونین؛ بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانەوە (عثمان،١٩٨٩: ٥٩-٦٠).

**دووەم: لەسەر ئاستی دێهات:**

لە دیارترینی ئەو ئاستەنگانەی کە دێتە بەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە دێهاتەکان خۆی دەنوێنێت لە (عثمان،١٩٨٩: ٥٩-٦٠).

- گۆڕانی پەیوەندییە بونیادییەکان  بە تایبەتەیش پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان.
- نزمی ئاستی خزمەتگوزارییەکان سەرەڕای هەوڵ و کۆششێکی زۆر بۆ چاکسازیکردن لە گەشەپێدانیان.
- نەبوونی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان کەرتە جیاوازەکانی لە کاتی گەشەپێداندا.
- زۆربوونی داواکارییەکانی دانیشتوان؛ بەبێ بوونی هەوڵدانێکی ئەوتۆ بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی خۆیان بە گوێرەی ئەو توانستەی کە هەیانە.

ئەو دۆزانەی کە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە سایەی بە جیهانی کردنەوە بایەخیان پێ دەدات:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵێك مەسەلەی دیار و گرنگ هەن، لەم سەردەمەدا بوونەتە جێ ی سەرەنجی ڕای گشتی و ناوەندە جیاوازەکان لەسەر ئاستی جیهاندا. هەریەك لەوانە لە بنەڕەتدا بوونیان هەبووە، بەڵام لەسەر ئاستی خۆجێیی هاتۆنەتە هەژماردن، وەلێ لە سایەی بە جیهانی کردنەوە هیچ کام لەو مەسەلانە وەك بابەتێکی خۆجێیی لە قاوغی جارانیاندا نەماون، بەڵکو بوونەتە بابەتی جیهانی. هەر لەبەر هەندێ گەشەپێدان کۆمەڵایەتیش بە نەفەسێکی ترەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. ئەو مەسەلانەش:

- گرفتی هەژاری.
-بەتایبەتی کردنی کەرتە گشتیەکان.
- بێکاری و لێکەوتەکانی.
- کەم بوونەوەی ڕۆڵی ڕاستەوخۆی دەوڵەت لە چالاکییە ئابوورییەکان.
- گەشەکردنی توانستی کێبڕکێکردن.

## نۆیەم: جیهانگیری و کۆمەڵگای کوردی:

لەم تەوەرەدا بە پێویستمان زانی ئەو میتۆدانەی، کە بەکارمان هێناوە، میتۆدی وەسفی و چوارچێوەی شیکاری بخەینەڕوو  بە بەکارهێنانی تیۆری بونیادی کۆمەڵایەتی، کە خۆی لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە کە چۆن جیهانگیری ڕاستەوخۆ ناراستەوخۆ کاریگەری و ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە پراکتیزەکردنی ئەو پێشکەوتن و گەشەپێدانەی، کە لە نێو هزری تاك و خێزاندا بەرجەستە بووە بۆ نێو کۆمەڵگا و پرۆسەی گەشەپێدانی هاتوونە ئاراوە و ئێمە وەك توێژەر ئەم گەشەپێدانەمان لە هەرێمی کوردستاندا بەرجەستەکردووە و شاری سلێمانیمان وەك نموونەیەك بەکارهێناوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە شارەکانی دیکەی هەرێم گەشەیان نەکردبێت، بەڵکو هەر شارە و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ کاریگەری و ڕۆڵی جیهانگیری و وەرگرتنی کەلتور و پێشکەوتنەکان، چونکە گەشەپێدان لە ئاستی مرۆڤ ناوەستێ و دەچێتە چوارچێوەی خێزان و پاشان کۆمەڵگا.

بۆیە لێرەدا بۆمان دەرکەوتووە، کە چۆن میتۆد و تیۆر کارلێکی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر بابەتەکەی ئێمە کە جیهانگیری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە، قۆناغ بە قۆناغ لە دواکەوتوویەوە بەرەو پێشکەوتن و گەشەپێدان دەڕوات و خۆشگوزەرانی و پێگەیشتن و فێربوون و پەرەسەندن هاتوونە ئاراوە چ جای خراپەکانی لە مرۆڤ لە چوارچێوەی خێزاندا دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات و لە ڕووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەرێنییەکەیەوە بەرە و ئەرێنی بچێت و بە هۆشیاری تەواوە مامەڵەی لەگەڵ کردووە و بکات لەسەر ئاستی پەیوەندییەکان و هۆشیاری خودی مرۆڤ و خێزان لەنێو کۆمەڵگادا، هەر بۆیە لەم هەرێمەدا پێشکەوتنەکان و گۆڕانکارییەکان بە پەلە ڕوو دەدەن و پراکتیزە دەکرێن و ڕۆڵیان دەبێت لە ژیانی ڕۆژانەی هاولاتیاندا، ئەمەش دەبێتە واقیعێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، بۆیە جیهانگیری ڕۆڵی تایبەت و کاریگەری خۆی بینیوە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەنێو خێزانی کوردیدا لە هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی وەکو نموونە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین تیشکێك بخەینەسەر ئەو مەترسیانەی، کە جیهانگیری بە جێدەهێڵێ و ڕەنگدانەوەی نەریتی دەبێت چ جای باشەکانی لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییدا و زۆربەی زانایان ئاماژەی پێدەکەن لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بگرە سیاسی، بۆیە جیهانگیری کۆمەڵێک کاریگەری نەرێنی هەیە و بەکورتی ئاماژەی پێ دەدەن:-

- هەژاری و پەرەسەندنی جیاوازییەکان، چونکە ئابووری جیهانگیری پەیوەستە بە بناغەی ئابوورییەوە کە ئەویش بەرهەمهێنانە.
- جیاوازی چینایەتی لەنێوان دەولەتان و بگرە خودی دەوڵەتیش و لەنێوان چین و توێژەکاندا.
- گواستنەوەی پسپۆرییەتیەکانی دەوڵەت بە ڕاگەیاندن و سیاسەت و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە بۆ سیستماتیکی جیهانی (غنیمات،٢٠١٥: ٢٩٨).

لێرەدا مەترسیەکان زۆر لەسەر ئاستی جیهانی و ناوخۆیی دەردەکەوێت، چونکە جیهانگیری کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتیش دەهێنێتە ئاراوە، ڕۆژانە ڕووبەڕووی تاکەکان و خێزانەکان دەبنەوە، هەر لە جیابوونەوە و بێکاری و دواکەوتوویی و نامۆبوون و ململانێ و نەوەکان و خۆکوشتن و توندوتیژی و قەیرانەکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە کوشندەکان و سۆشیال میدیا، هەر یەك لەمانە ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان دەبێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ دەست لەسەر ئەژنۆ بێت و نەتوانێت ئەم هەموو نەریتانەی جیهانگیری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، وەربگرێتەوە سەر باشەکانی و پەرەسەندن و گەشەکردن و پلان و بەرنامەی باش و تۆکمە بەکار بهێنێت ئەو هەموو مەترسیانە دەبنە دەستپێکی وەرچەرخان بۆ تاك و خێزان و کۆمەڵگا بە تێگەیشتن و شەونخونی و چاکبوونەوە خودی کەسەکە و خێزانەکە و ئەوجاش کۆمەڵگا، چونکە نەزانین و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی کێشەکان زیاد دەکەن (مصطفی،١٩٩٨: ٤٦).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆنترۆڵی ئەو خراپەکاری و هەستکردن بە لێپرسراوێتی بەرامبەر نەرێنیەکانی جیهانگیری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا وا دەکات مرۆڤ بەرەو نیگاییێکی ڕوون و باش هەنگاو بنێت.

هەر بۆیە لەم توێژنیەوەیەدا تیشکمان خستووەتە سەر شاری سلێمانی و گەشەپێدانی شارەکە گەورەیی و بڵاوی و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان و گەڕەکەکانیەتی، کە هەر یەك لەمانە ڕاستەوخۆ کاریگەری جیهانگیری ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، بوونی گەشەکردن و گۆڕانکارییەکان بە باش و خراپەوە ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ژیانی هاوڵاتیان لەو واقیعەی تێدا دەژین، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و پیاوەتی و ڕەسەنایەتی و ڕێزگرتن خەسڵەتێکی بەهێزی ئەم شارەیە چ لە ئاستی ناوخۆیی و بگرە زیاتر بۆ دەرەوەش، کە هەر کەسێك ڕوو لەم شارە دەکات هەست بە نامۆبوون ناکات و دەگونجێت لەگەڵ سەرجەم ئەو نەریت و بەها کۆمەڵایەتییانەی کە بوونیان هەیە، هەر بۆیە لێرەدا ئەم شارە بە قۆناغێکی گواستنەوەدا تێدەپەڕێت و جێگیرنییە بەردەوام لەهەوڵی وەرگرتنی زیاتر و زیاتر دایە لەو گەشەکردن و پێشکەوتنانەی کە لە جیهاندا ڕوو دەدەن لە گشت بوارەکاندا.

## دەیەم: ئەنجام پێشنیازو و راسپاردەکانی توێژینەوەکە:

### ١-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە جیهانگیری واقیعێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە، لە سەرجەم کۆمەڵگاکاندا بەشێکی دانەبڕاوە لەم واقیعەی، کە ئێستا هەیە و بەردەوامیش دەبێت بە باش و خراپەوە، ئەم شالاوە وەستانی ئەستەمە و پسپۆڕان زۆربەیان جیاوازن لە دیاریکردنی قۆناغ و مێژوو سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە، کە کۆمەڵێك سیما و خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا و گەشەپێدان بەهەمان شێوە بەرنامە و تایبەتمەندی خۆی هەبووە بەهەمان شێوەیە بەرنامە و تایبەتمەندی خۆی هەبووە بە ئاوێنەبوون لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاك و خێزاندا، ئەمەش بەدەر نەبووە لە واقیعدا لەسەر کۆمەڵێك کێشە و کۆسپ و گرفتەکانەوە. بۆیە بەجیهانبوون ڕۆڵ و کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتیەوە، هەر لێرەدا لە سایەی جیهانگیریدا کۆمەڵێك بابەت و دۆز لە چوارچێوەی ناوخۆدا نەماون، بەڵکو بوونەتەوە بابەتێکی جیهانی، ئەمەش کرۆکی توێژینەوەکەیە، کە بە ئاڕاستەی گۆڕینی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بووە لە قۆناغێکی چەقبەستو بۆ قۆناغێکی نوێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەر ڕۆشنای ئەو ئەنجامانەی، کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێك دەخەینەڕوو:

**٢- ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:**

هەوڵدانی زیاتری توێژەران بۆ نووسینی توێژینەوە و خستەڕووی لایەنەکانی جیهانگیری بە باش و خراپەوە بۆ ئاشنابوونی زیاتر لەم دیاردەیە، کە سەرجەم جومگەکانی بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی گرتووەتەوە.

**٣- پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:**

- ئامادەکردنی پلانێکی گونجاوی پێشوەختە لەلایەن حکومەتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاك و خێزان و کۆمەڵگە بە بەرنامە و پلانێکی شایستە بۆ بەشداریکردنی تاك و جێبەجێکردنی بەرنامەکان و گەشەپێدانی، کە مەبەستی بەرزکردنەوە و هەستانەوەیە.
- گرنگیدانی زیاتری حکومەت بە بەرنامەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و پەروەردەیی، چونکە ئەم لایەنانەی ئالۆزن و تێکئاڵاون کاریگەرییان لەسەر یەك هەیە.
- بایەخدانی حکومەت بە وزەی مرۆیی کارکەر لە سەردەمی جیهانگیری و تەکنۆلۆژیادا ئەمەش خۆی لە پڕۆژەکانی گەشەپێدان بەدی دەکرێت بەسوود وەرگرتن لە تواناکانی ئەوانی تر.
- ناساندنی جیهانگیری وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی لەلایەن حکومەت کە گۆڕان دروست دەکات لە سەرجەم بوارەکان و لایەنەکانی ژیاندا کە لەسەر ئاستی جیهان چڕبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەهێنێتە ئاراوە.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: پەرتووکە کوردییەکان:**

1) ئەلحەسەن،ئیحسان محمەد (٢٠١٠)، تیۆرە کۆمەڵایەتیە پێشکەوتووەکان،و:دیدار ئەبوزەید، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
2) حەمید، محسن عەبدول (٢٠٠٦)، بەجیهانیکردن، و:حەمە کریم عەبدولا ، چ١، سلێمانی.
3) خدر، عومەر رسول (٢٠٠٨)، بەجیهانبوونی و پێناسەکان پەیوەند، سلێمانی.

4) رەشە، ئەکرەمی محمودیساڵحی ، بێ ساڵ : شاری سلێمانی بەرگی یەکەم ،چاپی دووەم، وەزارەتی رۆشنبیری بەغدا.
5) زێباری، طاهر حەسۆ (٢٠١٦)، رێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسییدا، و: شەهلا ولی جبار، چاپی یەکەم، هەولێر.
6) زەکی ، محمد ئەمین،١٩٣٩: تەریخی سلێمانی و وولاتی ، بەغدا.
7) سابیر بۆکانی (٢٠٢٠)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
8) یاسین، سید (٢٠٠٧)، جیهانیەتی و جیهانگیری، و: ئەحمد قادر سعید ،چ١، چاپخانەی شفان، سلێمانی.
9) -__________ (٢٠١٧)، تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەلناسیدا، چاپی دووەم، کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، هەولێر.

**دووەم: پەرتووکە عەرەبییەکان:**

1) ابراهيم ، حسن (١٩٨٤)، دراسات فى التنمية الاجتماعية، دارالمعرفة الجامعية، الاسكندرية.
2) اسماعيل، عبد (٢٠٠١)، العولمة و العالم الاسلامي ، ارقام والحقائق ،ط١، دار الاندلس، ٢٠٠١.
3) البطريق، محمد كامل (١٩٦٨)، منهاج خدمة المجتمع نشاته وتطور اساليبه وخطواته، القاهره.
4) الجميل، سيار (١٩٩٨)، العولمة فى المستقيل، الاهلية للنشر والتوزيع، عمان.
5) الجواهرى، محمد (١٩٨٨)، المدخل الى علم الاجتماع، دارالمعرفه الجامعية، الاسكندرية.
6) الحسن، احسان محمد (١٩٨٢)، الاسس العلمية لمناهج البحث الاجتماعي، دار الطليعه، بيروت.
7) حسن، عبدالباسط محمد (١٩٧٧)، التنمية الاجتماعية، مكتبة وهبة، القاهرة.
8) الدلميي، عبدالرزاق محمد (٢٠٠٥)، عولمة التلفزيون، دار الجرير، عمان.
9) سليم، شاكر مصطفى (١٩٨١)، قاموس الانثروبولوجيا، ط١.
10) يسين ،السيد (٢٠٠٠)، العالمية والعولمة، دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
الشيبانى، عمر التومى (١٩٨٥)، التربيه وتنميه المجتمع العربي، تونس.
11) ١٣-عبداللطيف، رشاد احمد (٢٠٠٧)، التنمية الاجتماعية فى اطار مهنة الخدمة الاجتماعية، دارالوفاء للطباعة والنشر، الاسكندرية.
12) ١٤ -ابوزيد، ابو الحسن عبدالموجود ابراهيم (٢٠٠٩)، التنمية الاجتماعية وحقوق الانسان، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية.
13) عثمان، المرسومي وآخرون (١٩٨٩)، تنمية المجتمع الريفي ، جامعة الموصل.

14) غنيمات، د.مصطفى عبدالقادر (٢٠١٥)، الحضارة و الفكر العالمي،ط1، دارعالم الثقافة والنشر والتوزيع، عمان.
15) فهمى، ساميه محمد (١٩٨٦)، مدخل في التنمية الاجتماعية، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية.
16) مصطفى، هالة (١٩٩٨)، العولمة دور جديد للدولة السياسية الدولية.
17) ١٢٠ -المليجى، ابراهيم عبدالهادي، ومحمد محمود مهدلي (٢٠٠٥)، العولمة وأثرها في التخطيط الاجتماعي، المكتب الجامعي الحديث ، الاسكندريه.
18) ٢١ -الهاشمى، محمد هاشم (٢٠٠٣)، العولمة الدبلوماسية والنظام العالمي الجديد، ط١، دار اسامه للنشر، عمان.
19) ٢٢ريچ، كلوريوس جيمس، ١٩٥١: رحلة ريج في العراق ١٨٢٠ نقلها الى العربية،بهاء الدين نورى، بغداد.

# The Role of Globalization in Social Development in Kurdish Society

## An analytical study

**Assist prof. Dr. Meeran Mohammad Salih**
Department of Science Sociology, Faculty of Education, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
Meeran.salih@kue.soran.edu.iq

**Dr. Ameer Khudakaram Mohamad ALi**
Department of Sociology, College of Science Humanities, Sulimany university, Sulimany, Kurdistan Region, Iraq
ameer.mohamad@universal.edu.iq

***Keywords:*** *The Role, Globalization, Social Development, Kurdish Society, The City of Sulaymaniyah.*

## Abstract

This study aims to identify the positive and negative remnants of globalization on social development, as well as to the role of globalization in changing customs, traditions and culture. However, to show its role in improving the life of the individual and society in a scientific and practical way in the Kurdish society, especially in the

city of Sulaymaniyah. This study is one of the analytical studies. It is used descriptive approach and the content analysis. Lastly, the study identifies several results:

- Globalization is a continuous social, political and economic reality in all societies, including the Kurdish society.
- The study showed that there is a difference between specialists in determining the stages and the date of the emergence of the phenomenon of globalization. The phenomenon of globalization has a set of features and characteristics of its own. furthermore, a clear impact on all levels and areas of life for individuals and societies, directly or indirectly negatively likewise, the loss of the original Kurdish social values such as honesty, honesty, love for the homeland, religion, the right of neighbourliness, and various social responsibilities. Positively, it is an attempt to link the new world with social values. Authenticity, expanding the mind of the Kurdish individuals against various topics in the individual and society.

## دور العولمة في التنمية الاجتماعية المجتمع الكوردية – دراسة التحليلية

**ملخص:**

تهدف هذه الدراسة الى تحديد المخلفات الايجابية والسلبية للعولمة على التنمية الاجتماعية، وكذلك معرفة دور العولمة في تغير العادات والتقاليد والثقافة وإظهار دورها في تحسين حياة الفرد والمجتمع بالشكل العلمي والعملي في المجتمع الكوردي و خاصة في المدنية السليمانية.

هذه الدراسة من الدراسات التحليلية، واستخدمت المنهج الوصفي وتحليل المضمون، وقد توصلت الدراسة في النهاية الي عدد من النتائج منها:ــ

-إن العولمة واقع اجتماعي وسياسي واقتصادي مستمر في جميع المجتمعات منها المجتمع الكوردي.

-أظهرت الدراسة وجود خلاف بين المختصين في تحديد المراحل وتأريخ نشؤ ظاهرة العولمة.

-لظاهرة العولمه مجموعة من السمات والخصائص الخاصة بها، ولها تأثيرها الواضح على جميع الاصعدة ومجالات الحياة للأفراد والمجتمعات بشكل مباشر او غير مباشر سلباً كفقدان قيم الاجتماعية الكوردية الاصيلة مثل الامانة والصدق الحب الوطن والدين وحق الجيرة والمسؤليات الاجتماعية المختلفة وأيجابياً هو محاولة ربط عالم الجديد بالقيم الاجتماعية الاصيلة وتوسيع عقل الفرد الكوردي مقابل مواضيع متنوعة عند الفرد والمجتمع.